سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل هەڕەشە لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێک لە باشووری لوبنان دەکات

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتنیاهۆ ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاند، "ئیسرائیل ئامادەیە بە هەنگاوی بەهێز لە باکووری وڵاتدا" لەمیانەی گەشتەکدا بە سنووری باشووری لوبنان.

نەتنیاهۆ وتیشی: هەرکەسێک پێی وابێت دەتوانێت ئازارمان بدات و ئێمە بە وەستاوی بمێنینەوە، هەڵەیەکی گەورە دەکات"، ئێمە ئامادەین بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی زۆر بەهێز لە باکوور بە هەر شێوەیەک بێت و ئاسایشی باکوور دەگەڕێنینەوە

ئیسرائیل و حیزبوڵای لوبنانی بە ماوەی هەشت مانگە هەرشەکانییان ئاوگڕ دەکەن بە هاوبەشی لەگەڵ شەڕی کەرتی غەززەدا، ئەمەش ترسی ناکۆکییەکی فراوانتری نێوان هەردوولا زیاد دەکات.